# ڕێزلێنان... پیرۆزبایی

حەسەن سەیدباقی

لەکۆتایی دیسەمبەردا. حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی دەزگای ئاراسەوە، هەستا بەکۆڕێکی ڕێزلێنان بۆ چەمکێ لە نووسەرو ڕووناکبیری ناسراوی گەلەکەمان( ئەحلام مەنسور، حەمە سەعید حەسەن، مارف خەزنەدار، فەلەکەدین کاکەیی)، وە بەڕێز (منڵر الفچل)بەرەچەڵەك عەرەب بەڵام خاوەند هەڵوێستێکی مرۆڤانەی ئازایە، بەرگریکەرێکی سەرسەختە لەگەلی کورد بەگشتی و خەڵکی هەڵەبجە بەتایبەتی. پیرۆزبایی لێدەکەم، بەو هیوای نموونەیان زۆرتر بێت لەناوکۆمەڵدا. وە بەڕێزیشیان بەردەوام بن لەسەر هەڵوێستی مرۆڤانەیان.

لێرەدا دەمەوێت دەست خۆشی لەسەرۆکی حکومەتی کوردستان، کاك نێچیرڤان بارزانی بکەم، لە ڕۆڵی بەرەو پێشبردنی ڕۆشنبیری کوردی، هەروەها دەزگای ئاراس.

پیرۆز بێت لە تۆش کاکە حەمەی گوڵ، هەردەم شیاوی ڕێزلێنانیت، تۆیەك نوکی خامەکەت هەمیشە چقڵی چاوی دوژمنانی نەتەوە و کوردستانە، نوکی خامەت ئازایانەو بوێرانە هەڵوێستی وەرگرتووە. لە هەموو بۆنەو تایبەتمەندیەکاندا، لەسەردەمی شارو شاخ و هەندەران. هەربژین و تەمەنتان درێژ بێت کاکە حەمەی ئازا.

گەلی کورد کەنەوەی وەك تۆی هەبێت، ئەستەمە دەستەمۆ بێت، ئەستمە سەر بۆ هیچ هێزێك دانەوێنێت. خامەکەتان هێزی بەرگری میللیە.

هاوڕێی ئازیز.. بەهۆی نالەباری باری تەندروستی و کەوتنمەوە لە خەستەخانە، داخەکەم نەکرا لە مەراسیمی ڕێزلێناندا ئامادە بم یا بە تەلەفۆن پەیوەندی و ڕابگرم.

ئەوا ئەمشەو سەری ساڵە، شەوی دونیای نوێیە، وەرچەرخانی مێژووییە لە خەستەخانەوە ئەم پەیامەت ئاڕاستە دەکەم. بەڵام داخ و ئەفسوس پێدەچێت دواکەوێت، بەهۆی نەبوونی کەناڵی پەیوەندییەوە.

ئێستا دوژمنان و مارمێلکەکان، کونەبەبووی ناوکوونەکان لەبۆسەدان، دەیانەوێت شتێك بڵێن. هەوەك ئەوەی سەرەتای گەڕانەوەت( مخبیرێك) نا، ببورە دەنگ بەرێك بەناوێکی خوازراوەوە، دوبەندی یاسایی دادگای هەولێری بڵاوکردبوویەوە، گوایە بەڕێزتان لە کوردستانن شوێنەکەشی دیاری کردووە بۆ ئەوەی لێپێچنەوەی یاسایت لەگەڵدا بکەن( لەبێخەبەران "دۆینە"کەشکەك سڵاوات). بەڵام دەرکەوتنت لەسەر شاشەی کوردستان tv ، سڵەمینەوە، تووشی دارمانی هزری بوون کە خاوەندە هزر نین، تەقینەوە ئەو دەرون نەخۆشانە. ئەو ڕێزلێنانەش وەڵامە بەو نووسینەو هەموو ئەو نووسینانەی نووسراون و دەنووسرێنەوە.

پێم وایە بەم کارە پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستانی بوونی خۆی دەرخست. وەڵام بوو بەو بنێشتە سەرزارەکیانەی دەیان گووت " پارتی- پارتی بنەماڵەیە" وە لە تێزی پارتایەتی تەسکیش دەرچوون، بوونە دامەزراوەیەکی نوێ. دامەزراوەیەك کە هەموو هزرو توانایەکی بۆ مەسەلەی نەتەوەییە. دەیانەوێت خزمەتێکی گەورەی زانستی و ڕۆشنبیری گەلی کورد بکەن.

لەکاتێکدا گەر پارتی بنەماڵە بوایە، بەزاری وتوان ئەوا کاکە حەمە زۆرجار هێڵی سووری بەزاندووە، دیارە چی دەڵێم!! هەڵوێستیشی هەبووە لەسەر هەڵە و ناتەواویەکانی پارتی و زۆر بەتووندی داویەتە بەر ڕەخنە. لەگەڵ ئەمانەشدا بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان کاك نێچیرڤان بارزانی لەو کۆڕی ڕێزلێنانەدا بوو کە ڕێزیان لە کاکە حەمە نا. ئەمە بۆخۆی گەورەیی ئەوان دەردەخات و شکستی دوژمنان و چەقۆ کێشەکان، ، ببورن ئەوانەی کولەکە دەکوتنەوە، ئاو بە بێژن دەگوێزنەوە، ئەوانەی قەڵەمە ڕزیوەکانیشیان کردووەتە ماددەی سڕکەر، دژە کوردو بارزانی.

خەستەخانە/ئەڵمانیا

1.1.2005